# پێگەی مێینە لە کۆمەڵگای کوردستاندا

## گفتوگۆیەک لەگەڵ ڕێوار سیوەیلی

### سازدانی: حەمەدەمین خدر

**پرسیار: کۆمەڵگەی کوردی یەکێکە لەو کۆمەڵگایانەی کە جیاوازی لەنێوان ڕەگەزی نێر و مێدا هەیە، بەڕای تۆ مێژووی سەرهەڵدانی ئەم جیاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ کەی؟**

وەڵام: لە گشت کۆمەڵگاکاندا ئەم جیاوازییە دەبینرێتەوە و ئەمە تایبەتمەندیی هیچ کۆمەڵگایەك بە تەنیا، نیە. خودی جیاوازییەکان هەندێکیان سرووشتین {وەك فۆرمی لەش و فیزیۆلۆژی جەستە و ڕەهەندی دەروونناسی و تەبعی کەسایەتی} کە لە نێرەوە بۆ مێ جیاوازن. ئەمانە قابیلی سەلماندنن و بە تێبینیکردنی جیاوازیی شێوەی لەش و پێست و هۆرمۆنی ئەو دوو ڕەگەزە، بۆمان ئاشکراتر دەبن. هەندێ لەو جیاوازیانەش مێژووکردن و دروستبووی ناو موناسەبە کەلتوورییەکانن و زیانمەندن، وەك ئەو بڕوایەی گوایە {نێرینە لە مێیینە ژیرترن و ئازاترن و ئیداری ترن..}، کە هیچ کاتێ ئەوەمان بەتەواوی بۆ ناسەلمێ بە جۆرێ کە یاسایەك بدۆزینەوە و بتوانین بەسەر هەموو جیهاندا بیگشتێنین و بڵێین: لە هەموو کۆمەڵگاکاندا پیاوان لە ئافرەتان ئازاترن، چونکە چەمکی ئازایەتی، لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکێکیتر جیاوازە و ئەو نرخەی لە کەلتوورێکەوە بۆ یەکێکیتر بۆ مانای ئازایەتی لەپێشچاو دەگیرێ، جیاوازە. بۆ نمونە: ئێمە کاتێ گوێمان لە چیرۆکی کوڕەکەچەڵە دەبێ، یەکسەر دەزانین کە کوڕەکەچەڵە لە هەمان کاتیشدا قارەمانە ئازاکەیە و توانای فریودانی دێوەکەی هەیە و گشت کچانی ئاوایی بە سەلامەتی دەگەیەنێتەوە گوندەکەی خۆیان. بەڵام مەرج نییە لە هەموو کەلتوورێکدا چەمکی ئازایەتی بۆ نێرینە لە پێشچاو بگیرێ و ببەسرێ بە چالاکیی نێرەکانەوە. تەماشای چیرۆکی گورگەبۆری برایانی گریم بکە، کە تیایدا کچە وردیلە بە تەنیا بەناو دارستانەکەدا دەڕوات بۆ ئەوەی خواردن بۆ نەنکە نەخۆشەکەی ببات و سووریش دەزانێ کە گورگەبۆر بۆسەی بۆ دەنێتەوە. بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە لە هەندێ لە کۆمەڵگاکاندا بواری قووڵبوونەوەی ئەو جیاوازییە بەرتەسك دەکرێتەوە و بەهۆی یاسا و گەشەکردنی ڕۆشنبیرییەوە سنووری بۆ دادەنرێ. لەکاتێکدا ئەو جیاوازیانە لە کۆمەڵگای ئێمەدا قووڵدەکرێنەوە و ئەمەش ئاشکرای دەکات کە ئەم کۆمەڵگایە لەلایەن دەسەڵاتێکی نێرسالارانەی داخراوەوە داگیر کراوە و سەرەتای ئەم داگیرکارییەش دیار نییە. ڕەنگە ڕیشەیەکی پێش مێژوویی هەبێ و سەرچاوەی لە ئایین و ئەفسانەکانی ناوچەکەوە هاتبێ، کە پڕن لە ڕەمز و فیگەری نێرانە و مالامالن لە ستایشی نێرینەیی..

دەتوانین وەك ڕێسایەك بڵێین: ئەو جیاوازیانە پێش هەموو شتێ سەرچاوەیەکی زمانیانەیان هەیە و لە زمانی ئاخاوتنی ئێمەدایە ئەو جیاوازییە دەسەڵاتی خۆی وەردەگرێ. بۆیە لە هەر کۆمەڵگایەکدا زمان نێوتراڵیزە، بێلایەن و سرووشتی نەبووبێتەوە، ئەوە ئەو زمانە زمانی دەسەڵاتی نێرانەیە و ئەم دەسەڵاتەش قودرەتی گەورەیی و نێرانەی خۆی بەسەر منداڵ و کۆیلە و مێیینە و بێگانەکاندا پراکتیزە دەکات. زمانی نێرایەتی زمانی (فەرمان) و (ملکەچی)، زمانی (سەپاندن) و (ئێمە) و (ئەوان) و (حەڵاڵ) و (حەرامکردن)ـە. دەتوانم پێتبڵێم: بەرلەوەی ئەندامی نێرینەیی و مێیینەیی ببنە نیشانەی جیاوازیی نێر و مێ بە جەستەوە، ئەوە زمان ئەو جیاوازییە لەناو بیرکردنەوەی ئێمەدا، دروستدەکات. ئەمەش بەمانای ئەوەیە کە ڕاستە ئەندامی نێرینەیی و مێیینەیی، لەناو ڕانی مرۆڤەکاندایە، وەلێ لەوێدا شاردراوە و پەنهان و نەفیکراوە. کەچی ئەوەی ئاشکرایان دەکات و لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا مانایان پێدەبەخشێت، یاساخیان دەکات، بە پیس و پاك پێناسەیان دەکات، ستایشیان دەکات و سەرکوتیان دەکات، ئەو زمانەیە کە ئێمە قسانی پێدەکەین. ئەندامی نێرینەیی و مێینەیی بە لەشی

مرۆڤەکانەوە نین، بەڵکو لەناو کەلتووری ئەو کۆمەڵگایەدان کە مرۆڤەکان دەبنە هەڵگری. بۆیە لە هەر کۆمەڵگایەکدا ئەو زمانە باو بێت، ئەوە جیاوازییەکان قووڵتر دەبنەوە و لەهەر کۆمەڵگایەکیشدا زمان ئاستێکی سرووشتی و بێلایەنانەی وەرگرتبێ، ئەوە مانای جیاوازییەکان لە جیاوازیی کەلتوورییەوە، دەبنە جیاوازیی لەسەر ئاستی کەسایەتی  تاکە مرۆڤ. لەو کۆمەڵگایەدا باس لە ئازایەتی، دەستپاکی، زیرەکی و ئەو شتانە دەکرێ، بەبێ ئەوەی ببەسرێنەوە بە ڕەگەزێکی تایبەتەوە. کەواتە بۆ دۆزینەوە سەرەتای ئەو جیاوازیانەی نێوان نێر و مێ، لە کۆمەڵگای خۆماندا پێویستیمان بە گەڕانەوە بۆ مێژوو نیە، کە دیسانەوە مێژووش بۆخۆی ڕەگێکی نێرانەی هەیە، بەو حوکمەی بەشێکی گەورەی خولیای مێژوو مێژووی سەرکەوتنەکان و کەسانی براوەیە، وەك واڵتەر بنیامین گوتویەتی. بۆ دۆزینەوەی سەرەتای ئەو جیاوازیانە، پێویستیمان بە وردبوونەوە لە زمانەکەمان هەیە. هەروەها بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەش پێویستیمان بە دۆزینەوەی هۆکارەکان نیە، بەڵکو پێویستیمان بە خاوێنکردنەوەی زمانەکەمان هەیە لە گشت ئەو دەربڕینانەی کە فرێماندەنەوە ناو جیاوازییەکان. پێویستیمان بە داهێنانی زمانێکی نوێ هەیە کە لەوەسفکردن و تێگەیشتنیدا بۆ جیهان بێلایەنانە بێت. بەبڕوای من ئەو زمانە زمانی گفتوگۆ و زمانی لێبووردەیی و ناتوندوتیژی و زمانی مەنتیق و بەڵگەهێنانەوەیە. واتە ئێمە بۆ خۆڕزگارکردن لە جیاوازییە کەلتوورییەکانی نێوان نێر و مێ، پێویستیمان بە زمانێکی فەلسەفیانە هەیە.

**پرسیار: مەبەستت لە زمانی فەلسەفی چییە؟**

وەڵام: زمانی فەلسەفی زمانێکی گفتوگۆئامێز و سرووشتییە و ئامانجی تێگەیشتن و ئیدراکە، نەك بردنەوە و ناچارکردن و سەپاندن.. مەبەستیشم لە زمانی فەلسەفیانە، ئەو زمانە نیە کە فەیلەسووفانی ئەکادیمی و مامۆستایانی فەلسەفە وتار و تێزەکانی خۆیانی پێدەنووسن، بەڵکو مەبەستم ئەو زمانەیە کە یارمەتیمان دەدات ژیانێکی ڕۆژانەی بێ گرێ و گۆڵ، بێ فڕوفێڵ و بەبێ توندوتیژی و درۆکردن لەگەڵ ئەوانیتردا ببەینە سەر.. ئەو ژیانە پێویستی بە زمانێك هەیە، کە ئەویتر لە تاکایەتی و دانسقەیی خۆیدا بۆ من بەرجەستە بکات و ڕێگر نەبێ لەبەردەم ئەوەی من و ئەویتر لە ئاستی یەکتردا و وەکئەوەی کە هەین، ڕووبەڕووی یەکتر ببینەوە، نەك خودی ئەو زمانە بۆخۆی پڕ بێت لە حوکمی پێشینە و جیاکارەی ڕەگەزی و خەسڵەتی بە پاك و پیس و بە بچووك و گەورە لە قەڵەمدانی ئەویتر. ئێمە پێمانوایە بووك و زاوایەك لە کۆمەڵگای ئێمەدا، لە شەوی بەیەکگەیشتندا لە ڕووی جەستەییەوە یەکتری دەناسن. کەچی لە واقیعدا ئەوان زۆر پێشتر و زۆر ڕیشەییتر لەناو زماندا یەکتریان ناسیوە و زمان وەسفی بووکێی بۆ زاوا و وەسفی زاوای بۆ بووکێ کردووە، کە هیچکامێ لەم وەسفکردنانە واقیعیانە و ڕەوایانە نین و لەسەر کۆمەڵێ حوکمی پێشینە و وێناکردنی شێواوەوە بیناکراون. ئەم وەسف و وێناکردنانە لەڕێگەی زمانەوە دێنە ناو ژیانی کۆمەڵایەتی بووك و زاواوە و کاتێکیش ئەوان دووچاری کێشەی ژن و مێردایەتی دەبن، ناتوانن پەنا بۆ گفتوگۆ ببەن و ئەمجا سایکۆلۆج و کۆمەڵناسە تەمبەڵەکان لەناو کێشە کۆمەڵایەتیەکان و بەپێی سیستەمی خێزان و هاوسەرگیری نمونەیی، کە لەناو کتێبەکانەوە هێناویانن، ڕووبەڕووی کێشەکانیان دەبنەوە، بەبێ ئەوەی بزانن کە زۆر کێشەی خێزانی لە کۆمەڵگایەکی وەکئەوەی ئێمەدا، ڕەگوڕیشەیان لە زمان و کەلتووری ئێمەدا هەیە. ئەگەر ئێمە کەلتوورێکی کراوە و زمانێکی سرووشتی و گفتوگۆئامێزمان دەبوو، زۆرێك لە کێشە خێزانیەکان دروست نەدەبوون، چونکە ئەو دوو کەسە پێش ئەوەی هاوسەر گیری بکەن، دەیانتوانی یەکتر بناسن و لەیەکتر تێبگەن و لە ئاستێکی گفتوگۆی یەکساندا ڕووبەڕووی یەکتر ببنەوە، نەك خۆیان تەسلیم بە کۆمەڵێ وەسف بکەن کە لە زماندا بۆ پیاو و ژن و ژنانەیی و پیاوانەیی کراون و بە هەڵەماندا دەبەن..

**پرسیار: لە مێژووی کۆمەڵگەی کوردیدا قۆناغێك هەبووە بەناوی دایك سالاری ؟**

وەڵام: ئایا ئێمە زمانێکمان هەیە دایکسالارانە بێت؟ ئایا بکەری مێ لە زمانی ئێمەدا هەیە؟، ئەو بکەرە زیندووە؟، کارایە؟ یان ملکەچ و داپۆشراو و شاراوە؟ کەی توانیمان بەشێوەیەکی زانستی وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە، ئەوە توانیومانە وەڵامی پرسیارەکەی تۆش بدەینەوە. ئەوەندەی من بزانم، ئەمەیە: کە ئێمە مێیینەکان بەهۆی زمانێکەوە دەناسین کە زمانی نێرینەییە. ئەوان بەهۆی زمانێکەوە کە هی خۆیان نیە، بە ئێمە و بە خۆشیان ناسێنراون و پێناسە کراون.. جەستەی ئەوان لە تاریکاییدا چێژبەخش و لە ڕۆژی ڕووناکدا دەبێ داپۆشراو بێت.. چیرۆك و ئایین و ئەفسانەکانی ئێمە، مێیینەمان وەك بکەر پێناناسێنن، ئەوان یان شازادەیەکن و دەبێ ڕزگار بکرێن، یان یارێکن و دەبن بەداوی ڕەقیبەوە، یاخود گوناهبارێکن و دەبێ ڕجم بکرێن، یانژی دایکێکن و بە ژمارەی زاووزێکانیدا قەدر و پێگەی کۆمەڵایەتی خۆی بەدەست دەهێنێ و ئەگەر منداڵ، یا کوڕی نەبوو، ئەوە یان ژنێکی دیکەی بەسەر دێت یاخود تەڵاق دەدرێت. لە هەموو ئەمانەدا تەگبیر و یاسا و شەرع و ڕێ و جێکان بە هۆی زمانێکی نێرانەوە دێنە ئاخاوتن و بەسەر مێیینەدا، بەچاك و خراپ، دەسەپێنرێن.. ئەوجا من لەتۆ دەپرسم: ئایا وەختێ ئەمە پێگەی مێینە بێت لە زمانەکەتدا، کە پێگەیەکی پێش مێژووییە و هەموو خەیاڵگە و عەقڵ و یادوەری و ژیانی ڕۆژانەی ئێمەی داگیر کردووە، بۆتە بناخەی کەلتووری باوی ئێمە، ئایا دەتوانین بڵێین قۆناغێك هەبووە بەناوی دایك سالاری؟ من نازانم و ئەگەر هەشبووبێ بۆ ئێستای بارودۆخی مێیینەی وڵاتی ئێمە هیچ بایەخێکی نیە، مادام لە ئەمڕۆدا ڕێگر نییە لەوەی ئێمە نەتوانین سەری کچەکانمان نەبڕین، نەیانسووتێنین و بە بلۆك سەریان پان نەکەینەوە.. من چی لە قۆناغی دایکسالاری بکەم لە مێژووی میللەتەکەمدا کە نەیتوانیبێ تاقە نۆرمێك لەپاش خۆی جێبهێڵێت، کە ئەمڕۆ بەهۆیەوە بتوانین سنوور بۆ نۆرم و یاسا باوکسالارییەکانی کۆمەڵگاکەمان دابنێین؟ ئەوانەی ئیدیعا بۆ هەبوونی قۆناغێکی وەها لە ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمەدا دەکەن و لە سێبەری فیمینیزمی تەقلیدی و سێکسی بەکۆمەڵییەوە، وتاری قەبە دەنووسن، جگە لە خزمەتکردن بە نێرسالارییەکی پێچەوانە هیچیتر ناکەن. لاساییکردنەوەی فیمینیزم و ڕەواجدان بەگرووپە سێکس وەك ئەوەی بەشێ بێت لە کەلتووری مێیینە، ناتوانێ ڕێگر بێ لەو ناعەدالەتیەی لە کۆمەڵگای ئێمەدا لە مێیینە دەکرێ و بە هەموو ئەو نامەی ماستەر و دکتۆرا فیمینیستیانەی لێرەو لەوێ دەنووسرێن، ناتوانن ئازاری سەری {دوعا}ی بلۆکبارانکراو کەمبکەنەوە. ئەو فیمینیستە سیاحیانەی کورد کە تەنها بەهاران و لە وەرزی گەشتکردندا دەگەڕێنەوە کۆمەڵگاکەیان، نەك هەر بە ئیدیعاکردنیان بەوەی گوایە قۆناغی دایکسالاری لە مێژووی ئێمەدا هەبووە، خۆیان لە شیکردنەوەی دۆخی هەنووکەی پڕ قەیرانی مێیینە لە کۆمەڵگای ئێمەدا دەدزنەوە، بەڵکو سەریش لە نەوەی نوێی مێیینەی ئێمە دەشێوێنن و بەوەی دەبنە مامۆستا و پێشڕەویان، ناهێڵن ئەوان بۆخۆیان ببنە هێزێکی کارای بەرەنگاربوونەوەی نێرسالاریی دڕندەی کوردستان..

**پرسیار: جیاوازی ڕەگەزی هیچ پەیوەندی هەیە بە جیاوازی جەستەی ڕەگەزی نێر و مێ، بە حوکمی ئەوەی ئێمە کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی و شوانکارین، لەو کۆمەڵگایانەشدا زیاتر پێویستی بە هێزی جەستە هەیە؟**

وەڵام: ئاخر برادەر، ئەوە گوتیشمان جیاوازیی ڕەگەزی پەیوەستە بە جەستەی نێر و مێوە و کۆمەڵگای ئێمەش شوانکارە و کشتوکاڵییە و لەو کۆمەڵگایەشدا زیاتر پێویستیمان بە هێزی جەستە هەیە و ئەمەش هێزی جەستەی پیاوە. هێشتا ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە مێیینە هێزی نیە و هێزی جەستەیی ئەو لەم کۆمەڵگا شوانکارە و کشتوکاڵییەدا بایەخی نیە.. با

مەسەلەکەت زۆر بۆ سادە بکەمەوە: لە کۆمەڵگای شوانکارەیی و کشتوکاڵیدا خێزانی فراوانمان هەیە و دەبێ زۆرترین ژمارەی ئەندامانی خێزانمان هەبێ بۆ ئەوەی سیستەمی کار و خۆبژێوی بەڕێوە بچێت. لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا بەبێ هێزی جەستەیی ئافرەتان لە بواری ماڵداری و کاری دەرەکیدا، ژیان مەحاڵە و بەبێ هێزی مێیینە بۆ وەچە خستنەوە و منداڵبوون، ئەو کۆمەڵگایە هەڵدەوەشێتەوە. ئەگەر هەموو پیاوانی ناو کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکانیش قارەمان بن، لە ڕووی جەستەییەوە بەرگەی ژان و ئازاری بوونی منداڵێك ناگرن.. نێرسالاری بەدرێژایی مێژووی خۆی ویستویەتی جەستەی خۆی بە پیرۆز بکات و جەستەی مێیینە پیس و بەدناو و لاواز بکا. یەکی لەو ڕێگایانەی کە جەستەی نێر بەهۆیەوە بەپیرۆز دەکرێ، ناوبردنیەتی بەوەی کە جەستەیەکی بەهێزە، بەڵام تەنیا لەچاو جەستەی مێیینەدا، نەك لەچاو جەستەی ئاژەڵ و درەختەکاندا.. خەیاڵگەی نێرسالاری لە وڵاتی ئێمەدا، پڕیەتی لە سەرسووڕمان و خۆ بچووککردنەوەی پیاوان لە ئاست هێزی ئاژەڵ و سرووشتی گیانداران و دار و درەخت، کەچی بەهەمان ئەندازەش پڕیەتی لە خۆ هەڵاوساندن و خۆ گەورەکردن لە ئاست جەستەی مێیینەدا. ئەم خەیاڵگەیە بەردەوام مرۆڤی ئێمەی فێرکردووە لە سەنگەری بەرگریکردندا بێت لەخۆی، نەك خۆی دروستبکات و ببێتە خۆی و لەسەر پێی خۆی بوەستێ.. نێرایەتی لە کەلتووری ئێمەدا چەندە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، ئەوەندەش بێناسنامە و شەرمن و بڕوا بەخۆ نەبووە. ئەم نێرسالارییە لەبەرامبەر خۆماندا نەعرەتەی شێرانە لێدەدات و لەبەرامبەر بێگانەشدا دەچێتەوە قاوغی مێیانەی خۆی.. ئەم کاراکتەرە لە سەدەی بیستەمەوە تا ئێستا خەسڵەتێکی جیانەکراوەی کەسایەتی سیاسی ئێمەیە، بەو حوکمەی ئەم کەسایەتیە لە بەرامبەر خۆیی دا وەك قارەمان خۆی ناساندووە و هەمیشە نێرانە هاتۆتە زمان، کەچی لەبەرامبەر بێگانەدا جگە لە مومارەسەی مێیایەتی خۆی هیچیتری نەکردووە. هێزی نێرینەیی و جەستەی نێرینەی ئێمە لەبەرامبەر جەستە و هێزی بێگانەدا فس دەکەوێ و نووزەی لێوە نایەت، کەچی لەبەرامبەر هەر دەنگێك و هەر بزووتنەوەیەکدا کە خوازیاری بوونەخود و سەربەخۆیی بێت، هێزێکی زەبروزەنگاوی لێدەردەچێت.. بۆیە دەمەوێ سەرنجی توێژەرانی گەنج بۆ توێژینەوە لە ڕەهەندی سایکۆلۆژی نێرینەی کورد ڕابکێشم لە حاڵی حازردا، نەك سەرنجیان بۆ خۆسەرقاڵکردن بە قۆناغەکانی کشتوکاڵی و شوانکارەیی کۆمەڵگای کوردی لە مێژووی ڕابردوودا، ڕابکێشم. لێرەشەوە بۆمان ئاشکرا دەبێت، کە جیاوازی ڕەگەز سەبارەت بە بەهێزی جەستەی نێرینە و لاوازی جەستەی مێیینە، جیاوازییەکی ڕێژەییە و ئەوەی لە ئێستادا پێیدەڵێن: جەستەی بەهێز لەبەر ئەوەی جەستەیەکی نێرانەیە، سبەی و لە شوێنێکی دیکە جەستەیەکی مێییانە و دووسبەی جەستەیەکی بێڕەگە ز و بێهێزە. دایە تیریزا بەهێز بوو یان بێهێز؟ ئەگەر ڕەگەزەکەی بکەینە پێوەر، ئەوە باوکسالاری پێماندەڵێت: ڕەگەزی مێ لاوازە، کەواتە دایەتێریزا بێهێز بووە. فەرووغی فەرووغزاد، دەبوو لەژێر جەبرییەتی ڕەگەزەکەیدا تەعبیری لە جەستەیەکی لاواز و کەساس بکردایە، کەچی ئەو وەك تاکە مرۆڤێك هەمیشە لە جەنگێکی مەزندا بوو لەگەڵ باوسالاری و نێرسالاریی کۆمەڵگای ئێرانیدا.. کچانی سلێمانی و هەولێر و سنە و سەقز و کۆیە، ئەگەر تەسلیمی ئەو وەسفانە ببوونایە کە سیستەمی نێرسالاری بۆیان دەکا، ئەوە هەرگیز نەیاندەتوانی جاران ببنە پێشمەرگە و ئەمێستاش ببنە ڕۆژنامەنووس و پاڵەوانی وەرزش، بەڕێوەبەری گشتی و ڕاگری کۆلێژ و وەزیر و ئەندام پەرلەمان.. لە هەموو ئەم نمونانەدا بەدرۆکەوتنەوەیەکی ئەو پێناسەیە دەبینین کە نێرسالاری بەهۆیەوە جەستەی بەهێزی خۆی پیرۆز دەکات و جەستەی ئەویتر ناچار بە جەبرییەتی ڕەگەزی مێیینەیی دەکا، تاکو هەموو سیفاتە لاواز و بێهێزەکانی خۆی بەسەردا بسەپێنێ.. بەڵام هێشتا کێشەی جیاوازیی ڕەگەزەکان لە کۆمەڵگای ئێمەدا نەبۆتە هاندەرێك بۆ دروستبوونی ناسنامە و شوناسی ڕەگەزی نێر یان مێ، بەڵکو بۆتە هۆی خۆگیفکردنەوەی ڕەگەزی نێر بەرامبەر مێ و لەم ساڵانەشدا پێچەوانەکەی دەبینین: قیژە و هاتوهاواری مێ بەسەر

نێرینەدا، کە بەشێکی ئەم هاتوهاوارەمان لە زمان و نووسینی هەندێ لەو خانمانەدا بینیوە کە ئیدیعای فیمینیزم و مێباوەڕی دەکەن و کەچی کاتێ دێنە قسە لە نێرەکان نێرسالارترن.. مرۆڤ و تاکەکەس نە بە زەبروزەنگی هەزاران ساڵە توانیویەتی ببێتە خودێکی سەربەخۆ و خاوەن ناسنامە، نە بەهۆی لاساییکردنەوەی فیمینیزم و فرۆشتنەوەی قسەی ناو کتێبەکان دەتوانێ ناسنامەی خۆی دروستبکات. ئەم دوو ڕەگەزە بۆ ئەوەی هەردوو لایان هێزی یەکتریان بۆ دەرکەوێ و لەوە تێبگەن کە بەبێ حسابکردن بۆ یەکتر، هەردوو لایان لاوازن، پێویستیان بە ئەوە هەیە هەردوو لایان یەکتر وەکئەوەی کە هەن قەبوول بکەن و پێکەوە لە دژی داخران و نەرێتگەرایی کەلتووری بجەنگن، بۆ ئەوەی بواری ڕووبەڕووبوونەوەی مرۆیانە و دیموکراتیانە فراوانبکەن..

**پرسیار: لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هەمیشە پیاوان وەك ڕەمزی هێز و ژنان وەك سمبولی خۆشەویستی وێنا کراون، ئەم جۆرە وێنایە هیچ کاریگەری هەیە لەسەر کەسیەتی ژن؟**

وەڵام: ئەم مەسەلەیە هەر تەنیا تایبەتمەندیی کۆمەڵگەی ئێمە نیە، لە زۆرینەی جیهاندا ئەم وێناکردنە هەیە، بەڵام لە کۆمەڵگای ئێمەدا ڕەنگە کەمێ سەرەتاییانەتر و توندوتیژاویتر بێ. باوکسالاری و نێر سەروەری مێژوویەکی مەحکەم و دووروودرێژیان هەیە. بەشێ لەو مێژووە حەکایەتی ئەو تەکنیك و لاپێچلێدان و گزی و فرتوفێڵانەمان بۆ ئاشکرا دەکەن، کە هزری باڵادەست، واتە هزری نێرخواز، ویستویەتی بەهۆیانەوە مێینە دەستەمۆ بکات. ئەو تەکنیکانە لە بنەمادا دێوجامەی ئایدیۆلۆژین و بۆ ڕاوکردنی قوربانی و نێچیرەکان بەکار هێنراون. دێوجامە، ئەو پارچە قوماشە ڕەنگاوڕەنگ و پڕ لە نەخش و نیگارەیە، بەتایبەتی نەخشی ئەو باڵندانەی دەبنە نێچیر، کە ڕاوچییەکان وەکو پەناگەیەك خۆیانی لە پاڵدا دەشارنەوە. بەڵام بەهۆی ئەو کونانەی لە دێوجامەکە کراون، دەتوانن بەئاسانی ئەوانەیان ڕاو بکەن کە بەعەشقی نیگارە هاوشێوەکانیانەوە، لە دێوجامەکە نزیکدەبنەوە. نێرسالاری دێوجامەی سەرنجڕاکێشی خۆی هەیە و توانیویەتی بە ناوی خۆشەویستییەوە ڕاوی مێیینە بکات. مێینە بە عەشقی گەیشتن بە وێنە و ڕەسمی سەر ڕووی دێوجامەکە، لێی نزیکدەبنەوە، بەڵام نازانن لەودیو دێوجامەکەوە، ڕاوچییەك هەیە نەك عاشقێ.. بۆیە ئاسانە تۆ بوونەوەرێك بکەیتە ڕەمزی خۆشەویستی کە لە بنەمادا نێچیر و قوربانییە و تەنانەت ناشتوانێ خۆی لەو بە ڕەمزبوونە ساختەیە ڕزگار بکات.. ئەگەر لەمن دەپرسی و منیش بمەوێ قسەی دڵی خۆمت بۆ بکەم، دەبێ بڵێم: هەرگیز بڕوام وا نییە کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا جگە لە ڕەمزی نێرایەتی هیچ ڕەمزێکی دیکەمان هەبێ و مێیینە بەر لەوەی ببێ بە ڕەمز، ڕاوکراوە و بۆتە قوربانی و بلۆکباران کراوە.. بۆیە ئەو کاریگەرییەی ئەم بە ڕەمزبوونە ساختەیە لەسەر کەسایەتی مێیینە جێیهێشتووە، ئەوەندە مەترسیدارە، کە چەندین ساڵمان دەوێ بۆ ئەوەی مێیینە لە ئاستی قوربانییەکی دەستەمۆوە بکەینەوە بە مرۆڤ و ئەمجار بیکەینە ڕەمز و سێمبوول. چونکە پێشمەرجی ئەوەی شتێ ببێ بە سێمبوول ئەوەیە کە دەبێ ئەو شتە لە خۆیدا هەبێ و ئەمجا ببێتە شتێکی دیکە کە سێمبولەکەیە. لە ئێستای کۆمەڵگای ئێمەدا، مێیینە چییە لە {دوعا}یەك زیاتر کە بەدیارچاوی هەمووانەوە لەژێر بلۆکدا پارچەپارچە دەبێت. ئایا گەمژەیی نییە لە دوای دوعاوە بگوترێ لە کۆمەڵگای ئێمەدا مێیینە ڕەمزی خۆشەویستیە؟ ئەم درۆگەورەیە تەنیا بەهۆی بەکارهێنانی دێوجامەیەکی زۆر سەرنجڕاکێشەوە ساز دەکرێ، دەنا هیچ بنەمایەکی مێژوویی و واقیعی نیە.. لە کۆمەڵگای ئێمەدا بە کچێ بڵێی من و تۆ ناتوانین پێکەوە بژین و وەرە با پێشئەوەی کار لەکار بترازێ و بچینە ناو دامەزراوە گەندەڵەکەی خێزانی کوردییەوە، خۆمان ڕزگار بکەین، ئەمەت بە بێشەرفی و خیانەت و ئابڕووچوون بۆ حسابدەکرێ.. بەڵام دەستی کچی خەڵکی ببڕیت و بیکەیتە هاوسەرت و لەدوای دوو

منداڵ جیاببنەوە، یان لەگەڵیدا بژیت و خیانەتی لێبکەیت، ئەمەیان بەکارێکی پەسەند حسابدەکرێ.. دوورخستنەوەی مێینە لە دیۆجامەکە بە عەیبە حسابە و کردنی بە نێچیری دۆزەخی نێرسالاری، کارێکی شەرەفمەندانەیە.. کاریگەری ئەمەش لەسەر کەسایەتی مێینەی ئێمە زۆرە و دەتوانم بڵێم مێینەی ئێمە بەردەوام لە سترێس و نادڵنیایی و بروابەخۆنەبوون و خۆدواندنێکی ماندووکەردا دەژی، بەجۆرێ کە وزەیەکی زۆر سەرفدەکات تاکو هەموو ئەو نیشانانە لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەهۆی نازی زۆر، لوتبەرزی و فیز، خشڵپەرستی، ئیفرات و تەفریت لە ماکیاژکردن، ڕەفزکردنەوەی داواکەر و دەیان بەهانەی دی بشارێتەوە.. کەسایەتی مێینەی ئێمە ئەوەندە پاسیف و بێبڕواکراوە بە خۆی، کە هیچ شتێکی لەدەست نایەت جگەلەوەی بەردەوام لە چاوەڕوانیدا بێت.. ئەو لە بکەری کەوتووە و ناسنامەی خودی خۆی لێسەندراوەتەوە و نامۆیە بەخۆی، تا ئەو سنوورەی کە ڕێژەی خۆکوشتن و خۆ سووتاندن و دەرمانخواردن هەموو ماڵێکی گرتۆتەوە..

**پرسیار: زۆر جار دەگوترێت شوێنی گونجاو بۆ ڕەگەزی مێ بریتی یە لە ماڵ، لە ڕووی تیۆری و پراکتیکیشەوە ئیش لەسەر ئەوە کراوە کە ئافرەتان بەشداری لە کایەکانی کۆمەڵگادا نەکات، بەتایبەت لە کایەی سیاسەتدا، بەڕای تۆ ئەم بەشداری نەکردنە کاریگەری نییە لەسەر دروست کردنی قەیران، چونکە هەمیشە سیاسەت لە کۆمەڵگەی کوردیدا بۆنێکی نێرانەی لێدێت؟**

وەڵام: ماڵ، لە یەک کاتدا شوێنی چەوساندنەوە جۆربەجۆرەکانی ژۆژانە و لە هەمان کاتیشدا، بەتایبەتی کاتێ مێینە لەماڵدا تەنیا دەمێنێتەوە، شوێنی خەونبینینەکانیەتی. هیچکاتێ لە کۆمەڵگای ئێمەدا سەرجادە و بازاڕەکان، شوێنە گشتییەکان و سوپەرمارکێتەکان و مەیدانەکانی شار، شوێنی بەخشینەوەی کەسایەتی بە مێینە نەبوون. بە پێچەوانەوە ئەو شوێنانە شوێنی بە ئۆبژەبوونی مێینە بوون و شوێنی نەزەرلێکردن و دەستبۆبردن و سێکساندنی کەسایەتی و جەستەی مێینە بوون و دواجار شوێنی تانەلێدان، سزادان و بەردبارانکردن و شەلاق لێدان و کوشتنی مێینە بوون. بە بڕوای من ناتوانین هێشتاش باس لە (پانتایی گشتی) لە کۆمەڵگای خۆماندا بکەین، چونکە ئەو پانتاییە پانتایی نێرە، نەک گشتی و لە مانای کوردیانەی گشتیدا، مێینە جێگەی نابێتەوە. ئێمە کاتێك لەم وڵاتەدا یەك شوێنمان نەبێت بۆ ئەوەی مێینە تیایدا دابنیشێ، پشووبدات و لەگەڵ هاوڕێکانیدا گەپ لێدا، ئێمە کە لە هەموو کوردستاندا یەك تەوالێتی تایبەت بە ژنانمان لەناو بازاڕدا نەبێت سانتییەکەی خۆی تیا بگۆڕێت، بەڵام پیاو بۆی هەبێ لەهەر شوێنێ هەڵمیزێ، ئیدی چۆن دەتوانین باس لە پانتایی گشتی بکەین؟ لەبەرامبەر ئەمەشدا، هەموو سەرسووچ، لاکۆڵان، شەقام، چایخانە، مەیخانە، قومارخانە، هۆڵ، سەیارە، مەیدان، سەیرانگاکان، چێشتخانەکان و هتد. تایبەتن بە نێرینە.. لەبەر ئەوەی ئەو مێینەیەی پێیوایە چوونە دەرەوە بۆ شوێنی گشتی، بۆ بازاڕ و شەقامەکان، کاراکتەر دەگێڕێتەوە بۆ کەسایەتی ئەو، پێموایە بەهەڵەدا چووبێ، چونکە ئەو لەوێ و لەو شوێنانە بە تێپەڕینی کات دەبێتە چاودێریکەرێك بەسەر خۆیەوە و ئەو نیگایانەی لەو شوێنانە ئاراستەی دەکرێن، ئەوەندە شەهوەتاوی و تیژ و ڕووتکەرەوەن، کە ئیدی ئەو قێز لەخۆی بکاتەوە. ئەم قسانەی من بەمانای ئەوە نین کە ئیدی کچان و مێینەی ئێمە نەچنە دەرەوە و خۆیان لەهەر چێژێك مەحرووم بکەن کە پێویستە وەریبگرن، وەلێ قسەی من لەسەر ئەوەیە کە پێویستە ئەو بزانێت کە بەمەرجەکانی نێرینە و بە عەشقی نیگاری سەر دیۆجامەکانەوە دەچێتە دەرێ و یەکێ لە گریمانەکانی ئەو کارەشی مومکینە بریندار‌بوون و ڕاوکردن و بە داوەوە بوونی

بێت.. من نامەوێ ئەوان لە چوونە دەرەوە بترسێنم، بەڵام پێمخۆشە بزانن بۆکوێ و بۆناو چ ئاگرێك دەچنە دەرەوە و زۆریشم پێخۆشە بە مەرجەکانی خۆیانەوە بچنە دەرەوە، نەك بۆ ڕازیکردنی نیگا نێرانە حاکمەکەی دنیای دەرەوە، کە هەموو کۆڵان و شەقام و شوێنە گشتییەکانی داگیر کردووە..

لەبەرامبەر ئەمەدا، ماڵ شوێنێکی دڵنیاترە، بەڵام ئەویش پڕە لە مانای ڕەمزی خۆی و وەك تۆ دەڵێی پڕە لە دابەشکردن بەسەر شوێنەکانی وەك (سەرەوە) و (خوارەوە)، (بەرزی) و (نزمی) و (تەڕایی) و (وشکانی) و بەوجۆرە. هەرچۆنێ بێت ماڵ شوێنێکی دڵنیاترە لە فەزای گشتی. بواری کات بەسەربردن لەگەڵ خۆی بۆ مێیینە لەماڵدا زۆرترە و ئەو خەونانەی مێیینەش دەیانبینی، زۆربەیان پەیوەستن بە ئەو دڵنیاییەی کە ماڵ، وەك شوێنێکی تایبەت بە مێیینەی دەبەخشێ..

سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکەت، من بیروڕام وایە کە مێیینەی کورد هەرگیز لە سیاسەت بەدوور نەبووە. بەڵام ئەو چاوەڕوانیەش بە چاوەڕوانییەکی واقیعی نازانم کە پێیوایە دەبێ لەناو پانتایی سیاسەتی کوردیدا ڕەگەزی مێ بەشدارییەکی بەرچاو بکات. ئەم چاوەڕوانیە بۆ وڵاتێکی وەك ئەمەریکا، سوید و فەرانسە، واقیعی و مەعقولە، بەڵان بەخودای برام لەبۆ وڵاتی مە لە کورتبینی زیاتر نییە.. لەگەڵ ئەوەشدا، من لەو بڕوایەدام کایەی سیاسی کوردی بە توندی کاریگەریی مێیینەی کوردی بەسەرەوەیە. هاوسەری بەرپرسە سیاسیەکان قسەی خۆیان هەیەو جاری وا هەیە ئەوەی ئەوان لە خەڵوەتی ژن و مێردانەدا بە پیاوەکانیان دەڵێن، ئەوەش لە سیاسەتدا دەبێتە بڕیار.. پاشان سیاسەتی خێزانداری و پەروەردە، سیاسەتی بازاڕ و ئیدارەکردن و هتد هەموویان کاریگەریی مێیینەیان بەسەرەوەیە و چەندین نمونەی ئەو کاریگەرییەمان لەلا هەیە کە ئاشکرای دەکەن مێیینە ئەوەندەش کەم دەسەڵات نییە، بەڵام دەسەڵاتەکەی نەوعی و جیاواز نییە لە هی نێر، ئەگەر تەواوکەری نەبێت.. نابێت چاوەڕوانی موعجیزە لە بەشداریکردنی مێیینە لە کایەی سیاسیدا بکەین، چونکە ئەو کایەیە هەر ئەوەندە بوار دەدات. نێرسالاری سیاسەت بە بواری سەرکی و پاکژانەی خۆی دادەنێ، لەکاتێکدا لە قووڵاییەکانی کۆمەڵگا نێرسالارەکاندا وێناندنێکی پیس و ئەفسووناوی و ڕەموزن هەیە بۆ مێیینە. مێیینە ناچارکراوە ئەو وێنایە بژی کە بۆی بەرهەمهاتووە، نەك ئەو ژیانە بژی کە هی خۆیەتی.. ئەمەش پێماندەڵێت: جەوهەری سیاسەت لە کۆمەڵگای نێرسالاردا هەموو هەوڵێ دەدات بۆ ئەوەی بارگاوی نەبێ بە ڕەگەزی پیس و مەڕموز، لەبەر ئەوە وەکو لە پرسیارەکەشتدا هاتووە، ئەم دۆخەش بەشداریی مێیینە دەکاتە بەشداریکردنێکی پەراوێزی و بێ بایەخ و مەیدانی سیاسەتیش قەیراناوی دەکات، بەجۆرێ کە بۆنی نێرایەتی زاڵ بێت بەسەر هەموو بوارەکانی ژیانکردندا..

**پرسیار: زۆر جار گلەیی ئەوە لە ئافرەتان دەکرێت کەبەشێکی زۆر لەنەهامەتیەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمی خۆیان، ڕای تۆ لەم بارەیەوە چییە؟**

وەڵام: من ڕەگەزی مێیینەم خۆشدەوێ، چ وەك ئەوەی ئەزموونی زۆری خۆشەویستیم لەگەڵیاندا هەیە و چ وەك ئەوەی خاوەنی کێشەی ڕەواو سەرەکیین، نەك هەر تەنیا لە وڵاتی ئێمەدا، بەڵکو لە تەواوی جیهاندا.. بەڵام موجامەلەی درۆزنانەیان ناکەم و بۆیان پانناکەمەوە و بێموبالاتییان لێپەسەند ناکەم، لەبەر ئەوەش کە نامەوێ ژیانێك بژیم بەدوور لە مێیینە و دەستهەڵناگرم لە بەرگریکردن لە کێشە ڕەواکانیان، ئەوە بەردەوام هەم لە دژیان و هەم لە تەکیاندا دەجەنگم. پێشتریش ئەمکارەم سەلماندووە و لێکۆڵینەوەکانم بەڵگەی ئەوەن. ئەوەش دەزانم کە بۆ کەسێکی وەکو من نەهاتووە هەمیشە هەموو قسەو تێبینیەکانم لەسەر مێیینەی وڵاتەکەم بخەمە سەرکاغەز، چونکە بەوکارەم خزمەتی دوژمنەکانیان دەکەم و خوێنیان دەکرێتە کاسەوە. وەلێ ناشمەوێ هیچکام لەو خاڵانەی باسمکردن ببنە هۆکاری بێدەنگیم لە ئاست کەمتەرخەمی مێیینەدا و

زۆرشتی دیکەش کە دەمێنن، لە پەناوە و بەشێوەی دی پێیان دەڵێم.. مێیینەی کورد بە گشتی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، تەسەنووعێکی لیقن و درۆزنانەی سەیری هەیە کە بەراووردناکرێ بە ئەتەکیەتی مێینەی زۆربەی شوێنەکانی دنیا. پاشان من لەوانە نیم کە ڕۆڵی قوربانی لە بەقوربانیبوونی خۆیدا نەبینم و هەموو شتێ بگێڕمەوە بۆ هۆکارە دەرەکییەکان.. لەبەرئەوە منیش ئافرەتان و مێیینە بەگشتی، بەکەمتەرخەم دەبینم لەئاست ئەو بارودۆخەی تێیکەوتوون. بەتایبەتی لە قۆناغەکانی هەڵکشانی تەمەنیان و دوای تەواوکردنی خوێندن و چوونە بواری کارەوە. ڕەنگە نەتوانین ئەو کیژۆڵە هەستناسکەی دایەنگە و باخچەی ساوایان و ئەو خانمە وردیلەیەی کە ئێواران بەردەمی ماڵەکەیان ئاوڕشێن دەکات بە کەمتەرخەم بزانین لە ئاست نەهامەتیەکانی خۆیدا، وەلێ ئەو قوتابی زانکۆیەی دەبێتە توێژەر، ئەو مامۆستایەی وانە دەڵێتەوە، ئەو بەڕێوەبەری یەکە ئیدارییەی چوار کارمەندی لەبەردەستدایە، ئەو ئەندام ناوچە و مەڵبەندەی لە خانەکانی حیزبدا کار دەکەن، ئەو ئەندام پەرلەمان و ژنە وەزیر و بەڕێوەبەرە گشتی و سەرۆکی سەنتەر و یەکێتییەی کە دەسەڵاتیان هەیە، هەموویان کەمتەرخەم و تاوانبارن لە ئاست نەهامەتی مێیینەی ئەم وڵاتەدا.. ئەوان بەوەی دەسەڵاتیان هەیە و کەچی دواجار لەبەردەم مێرد و نێرسالاری و سەرووی خۆیانەوە چاو لەو هەموو ناعەدالەتیانە دەپۆشن کە بەرامبەر هاوڕەگەزەکانیان دەکرێ، کەمتەرخەمن، بەشێوەیەك کە هیچ پاساوێك نییە بۆ ئەو هەڵوێستەیان.. لە ڕاستیدا ئەوە بێدەنگی و بێهەڵوێستی ئەو خانمە خاوەن پێگانەیە کە {دوعا} دەکوژێ، بەرلەوەی بە بلۆك سەری پان بکرێتەوە.. من پیاو دەناسم دوو ژنی هەیە و نیوەڕوان شەڕە لەسەری بچێتەوە ماڵی کامیان، ئەویان تەلەفۆنی بۆ دەکات و پێیدەڵێ کفتەی هەیە و ئەویان دۆڵمە.. ژن دەناسم کە دەرگا دەکاتەوە، وادەزانێ هاتوون بۆ خواردنی و ساڵی منداڵێك بۆ مێردەکەی دەخاتەوە، بەبێ ئەوەی ئەو قارەمانە یەك خولەك بەشداری لە خزمەتکردن و پەروەردەکردنیاندا بکات. زۆرن ئەو ژنانەی خیانەت و داوێنپیسی لە مێردەکانیان قەبووڵ دەکەن و کوڕە بچووکەکەیان کە تەمەنی هەشت نۆ ساڵانە بەسەر خوشکە گەورەیانەوە، کە لە زانکۆ دەرچووە، دەکەنە فسفس پاڵەوان.. مام هەیە بەناوی مامایەتیەوە، تەعەدای ڕۆژانە لە برازاکانی دەکات و هیچ ئازادییەکی بۆ نەهێشتوونەتەوە، کەچی دایکی ئەو منداڵانە فزەی لێوەنایەت.. لە هەموو ئەم کێشە زۆر و گەورانەدا ئافرەتانێك کەمتەرخەمن لە ئاست بارودۆخی ژیانی خۆیان و کەسانیتردا.

**پرسیار: ئەوەی تێبینی دەکرێت ئافرەت کەمتر لە کۆڕ و کۆبوونەوە و تەنانەت دانیشتنەکانی ماڵەوەشدا بەشداری دەکات، یاخود لەکاتی دانیشتنیشدا هەمیشە پیاوان لەسەرەوە و ئافرەتان لە خوارەوە دادەنیشن، بەڕای تۆ ئەم مامەڵانە گوزارشت لەوە ناکەن کە کۆمەڵگەی کوردی هەنگاوێکی ئەوتۆی نەناوە بەرەو مەدەنیەت؟**

وەڵام: تەنیا ئەو کاتەی بە چاوی ئافرەتان خۆیان و بەچاوی بێگانەیەك بەم کەلتوورەی ئێمە، تەماشای خێزانی کوردستانی دەکەیت، ئەو کاتە بۆت ئاشکرا دەبێت کە پێگەی مێیینە لەم کۆمەڵگایەدا چەندە نزم و بێڕێزکراوە. هیوادارم ئەو نەهاتنەی مێیینە بۆ کۆڕ و کۆبوونەوەکان لە ناڕەزایی ئەوانەوە هاتبێ بەو کەشە نامەدەنییەی لەو شوێن و بۆنانەدا حاکمە، نەك لە ڕاکردنی ئەوان لە فێربوون و خۆدروستکردن.. بەبڕوای من و ئەوەندەی پەیوەستبێ بە ئامادەیی مێیینە لە بواری ڕۆشنبیریدا، ئێمە لەچاو حەفتاکان و هەشتاکاندا، لە پاشەکشەیەکی کەلتووریداین و تا دێت فەزای مێیینە یاساخ دەکرێ.. هۆکاری ئەمەش بە پلەی یەکەم دەگێڕمەوە بۆ کۆنەپەرستی حیزبە بەناو سیکۆلارەکان و ئەمجا ئەو پارچەپارچەبوونەی لەناو ژنان و ئافرەتاندا هەیە، ئەمە وێڕای نفوزکردنی باڵێکی توندڕەوی ئیسلامی سیاسی بۆ ناو پانتایی مێیینە و ئەمجا بێهەڵوێستی و بێدەنگی ئافرەتە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان و هاوسەری مەسئولە سیاسیەکان کە نەیانتوانیوە گوتارێکی

ئەوتۆ دروستبکەن و ئەو فەزایە فراوانبکەن کە فەزای مێینەیە تاکو لەسایەی ئەواندا کچان و مێینەی وڵاتەکەمان پەرە بە تواناکانی خۆیان بدەن.. پاشەکشەی کەلتووری، مەترسییەکەی لەوەدایە کە ئەو بەشەش لە کەلتوور دەسڕێتەوە کە ڕۆژگاریێ بۆ دروستبوونی کەسایەتی مرۆڤ پێویست و بنەمایی بوو. تۆ وڵاتێکی وەکو ئێران وەربگرە، کە لە ساڵانی ڕابردوودا هەموو خەسڵەتێکی مێینەی تێدا داپۆشرا و حیجابی کرایە سەر و یاساخ کرا، کەچی دووچاری پاشەکشەی کەلتووری نەبوو، چونکە مرۆڤی ئێرانی، تاکی ئێرانی ئامادە نەبوو پێکهاتەی کەسایەتی خۆی بدۆڕێنێ و ئەمەش دەلالەت لە ژیاری دەوڵەمەندی ئەو وڵاتە دەکات.

2007/9/16